وەرگێڕانی کتێب

ڕەخنەگرتن لە گوتاری دینی

٧

نووسینی : نەسرحامد ئەبو زەید
وەرگێڕانی : ئیسماعیل ڕاجی

بەشی یەکەم

پێشەکی:

دیاردەی کشان و هەڵکشانی دینی ئیسلامی - ئەو دیاردەیەی کە خاوەنەکانی ناوی ڕابوونی لێدەنێ- دیدو تێڕوانینی زۆرێك لە لێکۆڵەرو ڕاڤەکارانی خودّان تایبەتمەندی جیاوازو، بەتاراستەو تێڕوانینی جیاجیاوە بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە. لەم پێناوەشدا دەرووەکان زۆربوونو، ئەنجامەکان نەسازو ناکۆك بوونو، دیاردەکەش تێکەڵاوی پاساو بۆ هێنانەوە کراوە. ئەگەر لێرەدا وەچەنگکەوتنی شارەزایی و زانیاریمان لەسەر هێڵو تاراستە گشتیەکانی ئەو لێکۆڵینەوەو ڕاڤەکردنانەی کەلەسەر ئەم دیاردەیە کراون کارێکی سەختو گرانیش بێ، بەلام دەشێ ئاماژە بە تاراستەو هەلوێستە سەرەکیەکان بکەین.

یەکەمین تاراستە، کە لەوانی دی زێتر خۆی دەنوێنێ، بریتیە لە تاراستەی دامەزراوەی ڕەسمی دینیی دەوڵەت، کە لە (ئەزهەر)و، ئەو پیاوە ئاینیانەی کە زۆر جاران لەریزی (ئۆپۆزیسیۆنی دینیی)دا پۆلێن دەکرێن، بەرجەستە دەبێت. هەرچەندەش بەشێوەیەکی تایبەت پێویستی بە ڕێنماییکردنو هۆشیارکردنەوە هەیە، بەلام خاوەنەکانی ئەم تاراستەیە، سەرتاپای ئەم دیاردەیە لەرووی مەبەستو گرۆڤەکانیەوە، بەدیاردەیەکی ئەرێیی لەقەڵەم دەدەن.

لەبەشی یەکەمی ئەم کتێبەدا، لەروانگەی یەکبوونی نێوان تاراستەکەو خودی دیاردەکەوە مامەڵەمان لەگەڵ ئەم هەڵوێستەدا کردووە، ئەویش لەو ڕووەوە کە هەردووکیان پشت بەهەمان پایەی فکریەوە دەدەنو، لە بەرهەمهێنانی گوتارەکەشدا پشت بەهەمان میکانیزم دەبەستن.

بەلام تاراستەی دووەم، تاراستەیەکە وا مامەڵە لەگەڵ دیاردەکەدا دەکات، گوایە گوزارشکردنێکی شارستانیانەیە لە واقیعێکی نوێی وەها، کە پاشکۆیەتیو هژموونی ئەمریکاو ئەوروپا ڕەتدەکاتەوە. ئەم تاراستەیە لەزۆربەی کاتدا چەمکو تێگەیەك بۆ (تایبەتمەندی) ڕۆدەنێ کە لەسەر گۆشەگیریو چوونە قەپێلكو خۆژیوی هەلدەچنرێ، ئەوە لەیر دەکا کە دەرچوونو دەربازبوون لە کۆتو پێوەندی هژموونو پاشکۆیەتی تەنها بە گەڕانەوە بۆ بنەما شارستانیو فەرهەنگیەکانی نەتەوە پێکنایات، پێیوایە ئەو بنەمایانەش تەنها لە ئیسلامدا هەڵگیراون، وەك ئەوەی کە نەتەوە بەر لەهاتنی ئیسلام هیچ ژیانێکی دوورو درێژی دیکەی نەبووبێ، ژیانێك کە تێیدا شارستانێتی بە بەرهەمهاتووەو کەلتوورەکانیش دارێژراون، کە بەپێی خۆیان بوونەتە پرینسیپو بنەما. سەرەڕای ئەمەش، ئەو بنەمایانەی کە تایبەتمەندی نەتەوەیەك دیاریدەکەنو ناسنامە مێژوویەکەشی دادەڕێژنەوە، بنەمای جێگیرو نەبزێوو خامۆش نین و لە چوغزی بۆشاییەکیشدا گیروخول ناخۆن، بەڵکو دەکرێ بانگهێشت بکرێنەوەو دەکاربهێنرێنەوەو بەرگیان بگۆڕدرێن، وەك چۆن مرۆڤ جلوبەرگی خۆی دەگۆڕێ.

ئەوانەی کە وێنەنوێنی ئەم تاراستەیە دەکەن، ژمارەیان زۆرەو - ئەگەر هەموشیان نەبن - ئەوا زۆربەیان ئەو پشکداریانەیان هەیە کە بەخوێندنەوەی لایەنێك لەلایەنەکانی ڕۆشنبیریی نوێی ئەوروپا کاریگەربوونو، بە پلەو پایەی جیاواز جیاوازیش ئینتیمایان بۆ ڕەوتی چەپی سیاسیو فکری هەبووە، واتە ئینتیمایان بۆ ئەو ڕەوتە هەبووە کە بەواتایەکی گشتی ماکسیزمو سۆشیالیزمو ناسیۆنالیزم دەگرێتەخۆی.

ئێمە ئەوەمان بەلاوە گرنگ نیە، کە نوێنەرانی ئەم تاراستەیەی دووەم هەڵگەڕاونەوەو لە چەپڕەوەوە بەرەو ڕاستڕەو وەرچەرخاون و کۆچ و کۆچباریان بەرەو هەواری تازە تێکناوەو، هەڵبژاردنە فکریو کۆمەڵایەتیو سیاسیەکانیشیان بەشێوەیەکی کۆتایی یەکلاییکردۆتەوە. لەبەرئەمەش بەشی دووەمی ئەم کتێبە بریتیە لە خوێندنەوەی پرۆژەی چەپی ئیسلامی، هەروەك چۆن بەشێوەیەکی گشتی لە نووسینەکانی (حەسەن حەنەفی)و بەتایبەتیش لە پرۆژە مەوسوعیەکەیدا بەناوی(لەباوەڕەوە بۆ شۆڕش- من العقیدة الی الثورة) بەدیاردەکەوێ. لەبەرئەوەش کە لایەنی چەپی ئیسلامی خوێندنەوەیەکی جیاواز لەهی ڕاستڕەوی دینیی سەبارەت بە ئیسلام پێشکەش دەکات، وێڕای هەبوونی تێڕوانینێکی زیندەڵو ژیاری لە کەلەپووری فکری لە ئیسلامدا، بۆیە شتێکی سروشتیە کە لەم بەشدا هەڤپەیڤینو دیالۆگ سەبارەت بە میکانیزمەکانی خوێندنەوەو ڕەوایی ڕاڤەکردنەکان چڕبکرێتەوە.

وا پێویستو بیرسایی بوو کە لەبەشی سێیەمدا، لەخوێندنەوەی کەلەپووری فکریەوە بچینە نێو خستنەڕووی کێشەکانی خوێندنەوەی خودی دەقە دینییەکان، کە تاکو ئێستا ئەم ئاستەنگانە بەشێوەیەکی زانستیو بابەتیانە نەخراونەتە روو. ڕەنگە ئەم خستنەڕووەش بەشێوەیەك لە شێوەکان بەشداری بکا لە ستێزی ملەکاری کۆنو بەردەوامی ئەو کەسانەی کە ڕەوایی دروشمی(هەر ئیسلام چارەسەرە)ڕەتدەکەنەوەو، لەمامەڵەکردن لەگەڵ دیاردەی کشانی دینیدا لەگەڵ تاراستەی سێیەمدا پۆلێن دەکرێن. ئەم تاراستەیەش لە دەرکەوتنیدا بینبڕکێ لەگەڵ تاراستەی یەکەم - تاراستەی دامەزراوەی ڕەسمی دینیی- دا دەکات. هەرچەندەش کە لەڕووی بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندنەوە لەم تاراستەیە پانو پۆرتر نیە. تاراستەی سێیەم لەدایکبووی بزاڤی کشانی دینیی نیەو لەویشەوە نەکەوتۆتەوەو بەرسڤێکی ڕووتی نەرێیی ئەو دیاردەیەش نیە، بەڵکو ڕەوتێکی ڕەسەنە لە هەزری نوێماندا، دیارترین نوێنەرانی ئەم تاراستەیەش ئەوانەن کە بە (ڕۆشنگەران) ناویان دەبەن، ئێستاش بەخاوەنو هەوادارنی ئەم تاراستەیە دەڵێن (عەلمانیەکان)، ئەمەش ناوێکە کەجارجارە بەمەبەستی لێدانی پەلەو لەککەی کوفرو وەرگەرانو گومڕابوون لەدین لە تەوێلیانو، هەموو ئەوانەی کە خەسڵەتی پاشکۆیەتیو کرێگرتەییو ناپاکی نەتەوەییو نیشتمانیان دەدرێتەپاڵ، بەکاردەهێنرێ.

هەرچەندە لێرەدا جێگای ئەوە نیە، بەلام وەك زانراوە ئەو جەنگە نیمچە خوێناویەی کە سەبارەت بەکتێبەکەی (تەها حوسێن) بەناوی (لە هۆنراوەی جاهیلیدا - فی الشعر الجاهلی) بەڕێوەچوو، جەنگێکی ڕۆشنبیریو هزرییانە نەبوو لەسەر دۆزی شیعری جاهیلی کە بابەتو بواری کتێبەکەیە، بەڵکو لەسەر ئەو شتە بوو کە (تەها حوسێن) لە کەوەو ڕەوەنی کتێبەکەیدا بە دوودڵیو جوانەنشیەوە- تواچع- سەبارەت بەخوێندنەوەی هەندێك لە دەقە دینییە پەیوەندداراەکان بە واقیعی مێژوویەوە خستبوویەڕوو. بەڵگەش لەسەر ئەمە ئەوەیە چاپی دووەمی کتێبەکە کە بەناوی (فی الادب الجاهلی) یەوە دەرچوو، دانەر بێجگە لەو چەند دێڕانەی قورئانو مەودای شیانی دانانی بەسەرچاوەیەك بۆ واقیعی مێژوویی، هیچی دیکەی لەو کتێبە لانەبردبوو. کەواتە جەنگەکە جەنگی شیعر نەبوو، بەڵکو جەنگی خوێندنەوەی دەقە دینییەکان بوو بەپێی میکانیزمی ئەقڵی مرۆیی مێژوویی، نەك بەپێی ئەقڵی غەیبی نغرۆبوو لەناو ئەفسانەو پووچگەراییدا. لەبەر ئاریشەو سەختی جەنگەکەو لەبەر درێتی ئەو هێزە کۆمەڵایەتیانەش کە بەرژەوەندیان لە زاڵبوونی ئەفسانەو پووچگەراییدا هەبوو، گوتاری ڕۆشنگەری سەریهەڵدایەوە، بەلام بۆ جاری دووەمیش سەریهەڵدایەوە، بەلام لەسەر ئاستێکی ئەکادیمیانە، ئەویش کاتێك بوو کە (محەمەد ئەحمەد خەڵەفوڵا) ویستی نامەی دکتۆراکەی لەسەر(هونەری چیرۆکخوانی لە قورئانی پیرۆزدا) پێشکەشی کۆلێژی ئادابی زانکۆی قاهیرە بکات و، هەندێك لە مامۆستایانی ئەندامی لیژنەی پشکنینی نامەکە پێیانوابوو، هەندێك جوداوازیو پەرتکردن لەنێوان ڕاستیە مێژوویەکانو چیرۆکەکانی ناو قورئان، کە لە نامەکەدا هاتبوو، پێچەوانەی ڕاستییە دینیو شەریعەتیەکانە. بۆیە نامەکە نەك هەر وەرنەگیرا، بەڵکو سەرپەرشتیاری نامەکەش (شێخ ئەمین ئەلخولی) لەمافی سەرپەرشتیکردنی هەر نامەیەکی زانستیی تایبەت بە لێکۆڵینەوەی دەقە دینیەکان، بێبەشکرا.

کەواتە، لەڕاستیدا جەنگەکە جەنگێکی کۆنە لە هزری نوێماندا، تەنها جەنگێك نیە سەبارەت بە خوێندنەوەی دەقە دینیەکان، یان ڕاڤکردنیان، بەڵکو جەنگێکی گشتگرەو لەسەر هەموو ئاستە کۆمەڵایەتیو ئابووریو سیاسیەکاندا دەگوزەرێ. جەنگێکە کە هێزەکانی ئەفسانەو پووچگەرایی بەناوی دینو دەستگرتن بە واتای پیت بە پیتی دەقە دینیەکانەوە بەرپای دەکەنو، هێزە پێشکەوتنخوازە ئەقڵانیەکانیش هەوڵدەدەن کە ئەفسانەو پووچگەرایی هەندێکجار لەسەر خاکەکەیدا نەرمی بنوێنێو کەمتر لارەملێ بکات. لەبەرئەوەش کە زۆرجاران ململانێکە بە میکانیزمەکانی ستێزی ملەکاری ئایدیۆلۆژی، بەبێ دەستپێکردن بەبەدیهێنانی هۆشیاری زانستی لەسەر سروشتی دەقە دینیەکانو ڕێگاو شێوازەکانی خوێندنەوەو ڕاڤەکردنیان بەڕێوەدەچێ، بۆیە زاڵبوونو سەرکەوتنیش لەسەر ئەم ئاستەی ستێزی ملەکارانەی گوتاری دینی ، هەر بەسەر گوتاری ئەقڵانیدا دەبێ. ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە کە بەدیاریکردنی سروشتی دەقی دینیو میکانیزمەکانی لەسەر بەرهەمهێنانی گرژڤە - دەلالەت- دا لەم تەنگژەیە دەربچین و لە گرێو گۆڵەی ڕاڤەکردنو دژەڕاڤەکردنی دەقەکان قوتارمان ببێ. ئەمەش ئەو پرۆژە ئاشکراکاریەیە کە بەشی سێیەمی ئەم کتێبە هەوڵی بۆ دەدات. کە پرۆژەیەکە لە دۆخی چێبوون دایەو پێویستی بەهەوڵێکی زۆرو لێبڕاوانەو بەردەوامو دڵسۆزانە دەبێت، بۆ ئەوەی لەسەر بناغەیەکی زانستیانەی شیاوو پتەو بەدی بهێنرێو بکەوێتەخۆ.

ئەگەر تا ئێستاش خەڵکانێك هەبن کە بەدگومان بن لە هەوڵو سوودو بەخشینی ئەمبازبوونەوە لەڕێگەی لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەو پاکژو پوختەکردنی هزری دینی بە تاراستەو گروپە لێکجیاوازەکانیەوە، بە بیانووی ئەوەی کە (دین) پێکهێنەرێکی گەوهەریو ڕەسەنی پێکهێنەرەکانی ئەم نەتەوەیەو، دەبێ توخمێکی بنەڕەتیش بێ لە پرۆژەی ژیانەوەو بووژانەوەدا، پێویستە لەسەریان کە گوتاری دینی وەکو ئەوەی لە تێزە بانگەشەکارو ڕاگەیاندنەکاندا دیارە وەرنەگرن، پێویستیشە لە کەوەو ڕەوەنی هەڵوێستە سیاسییە ڕاستەوخۆکان لەهەمبەر پرسی گەشەپێدانو دادپەروەری کۆمەڵایەتیو ئازادی ئابووریو سیاسیدا لە دروشمەکان بگەن.

ئەو پرۆسە بەگژداچوونەوە گەورەیەی ئەم دواییە - کە ڕەنگە لەمێژووی مرۆڤایەتیدا وێنەی نەبێ -و بەناوی ئیسلامەوە تەواوکرا، بەبێ زەمینە خۆشکردن بۆ گوتارێك کە ئەفسانەو پووچگەرایی تەرخانو تایبەت دەکات و ئەقلیش دەکوژێ، ناتوانێ لەوە زێتر بەدیبهێنێ کە بەدیهێناوە. ئەفسانەی، خۆپارێزی بەهرەوەریو فەرداریو قازانجێکی زۆر بەدوایدا خۆیدا دەهێنێو خێرو خۆشیش فەراهەم دەکات، ئەفسانەیەکە نەك هەر ڕەشایی خەڵكو نەخوێندەواران کەوتوونەتە داوی دەهۆ شەیتانیەکانیەوە، بەڵکو خوێندەوارو ڕۆشنبیرو زانایانو ئابوورینناسانیش. گرنگیش نیە کە باوەڕ، یان قرمو تەماعکاری - مادامەکێ ئەقڵو لۆژیك نەبوو نادیارن- بووبنە بزوێنەرو پاڵنەری کەوتنە ناو ئەو داوو تۆڕی دەهۆیەوە.

هیچ جیاوازیو ناکۆکیەك لەسەر ئەوە نیە کە دین - نەك هەر تەنیا دینی ئیسلام- پێویستە توخمێکی بنەڕەتی بێ لە هەر پرۆژەیەکی بووژانەوەدا، لێ جیاوازیو ناکۆکی لەسەر مەبەستو ئامانج لە دین چەق دەبەستیو هەر لەو تەوەرەشدا گیروخول دەخوا: ئایا مەبەست لە دین ئەوەیە وەك ئەوەی کە لەلایەن ڕاستڕەوو چەپڕەوەوە دەخرێتەڕوو بەشێوەیەکی ئایدیۆلۆژیانەی بەرژەوەندارانە پیادەو پراکتیزە دەکرێ؟ یان دین لەدوای شیکردنەوەو تێگەیشتن لێیو ڕاڤەکردنێکی زانستیانە، ئەفسانەی لێ دادەماڵرێو، ئەو هێزو پێزو تەکانەش کە تێیدایەتی بەرەو پێشکەوتنو دادپەروەریو ئازادی دەهێڵرێتەوەو لە پێناوی ئەم شتانەدا مەیسەر دەکرێت؟ عەلمانیەت لەکرۆك و گەوهەریدا بێجگە لە ڕاڤەکردنێکی ڕاستەقینەو تێگەیشتنێکی زانستیانە لەدین شتێکی دیکە نیە. عەلمانیەت، وەك ئەوەی کە پووچگەراکان باسی دەکەن، ئەو کوفرو گومڕاییو هەڵگەڕانەوەیە نیە کە دین لە کۆمەڵگەو ژیان جیادەکاتەوە. گوتاری دینی بەدەستی ئەنقەستو لە هۆشیاریەوە بە مەکرو دەهۆیەکی پیسەوە پرسی جیاکردنەوەی دەوڵەت لە کلێسا، واتە جیاکردنەوەی دەسەڵاتی سیاسی لەدینو، جیاکردنەوەی دین لە ژیانو کۆمەڵگە تێکەڵاو دەکات. جیاکردنەوەی یەکەمیان - دین لە دەوڵەت- شیاوو پێویستەو لە ئەورووپاشدا بە کردەنی بەدیهاتووەو بەرقەراربووە، بەمەش لە تەنگەبەرەی تاریکی سەدەکانی ناوەڕاست دەرچووەو گەیشتۆتە بەرینایی هامووەنی زانستو پێشکەوتنو ئازادی. بەلام جیاکردنەوەی دووەمیان - دین لە ژیان یاخود لەکۆمەڵگە - خەیاڵێکە کە گوتاری دینی لەدژایەتیکردنی عەلمانیەتدا هەیە.

و- غائیەت ئەم بیرۆکەیە بەپێچەوانە دەڵێت لەبەر ئەوەی گەردوون هەیەو هەموو ئەو شتانەشی کە تێدایە پۆلێن دەکرێن بۆ بوون (وجود)و ڕووداو (حدث) لەپێناو ئامانجێکی دیاریکراو ییەندایە.

-٢ لۆجیك (المنطق)

سەبارەت بە لێکۆڵینەوە کردنی ڕێبازو ڕێگاکانی دادگا عەقلی دەدوێت: مەنگق هەوڵدەدات پشکنین بۆ چۆنیەتی جیاکردنەوەی نێوان دادگایی ڕاستو دادگایی نادروست (ناتەواو)دا بکات..

بەو نمونانە دەوترێت کە لەدادگایی سەلماندندا بەکار هاتوون. بەهۆی بەڵگەکانەوە سەلماندن بەدەست دێتو ناو دەبرێت (مقدمات)، ئەوەی بەهۆی بەڵگەی ترەوە لێیەوە نزیك دەبێتەوە پێی دەڵێن (نتائج) بەرهەم هەروەها (نتائج) دەبێ ببێتە پشتیوانێك بۆ (مقدمات) یاخود هەڵقولێنو هەڵتۆقینەکان لەوێوە دەست پێبکەن.

چەندێك سەلماندن بەهێزبێت ئەوەندەش پشتیوانی کردنی (نتائج) زیاتر دەبێ، بەپێچەوانەوە چەندێکیش سەلماندن لاواز پشتیوانی کردنی (نتائج) لاواز دەبێ.

٣. بیرۆکەی مەعریفی

ئەو بیرۆکەیە ئامانجی دەستنیشانکردنی سروشتی زانیاریو بنەماکەیو بوارەکەیەتی، هەروەك دەبینرێ کۆمەڵێك ڕێگای جیاواز پێکهێنراوە بۆ پشکنینی زانیاریو جەوهەری حەقیقەتو پەیوەندییەکانی نێوان مەعریفەو ئیمان. بیرۆکەی مەعریفی چەند پرسیارێکی نموونەیی دەوروژێنێ هەروەك دەبینین:

- ئەو نیشانەو بەڵگانە چین کە زانیارییەکی (دروست) لە زانیارییەکی نادروست جیادەکاتەوە؟ ڕاستی چییە؟ چۆن بتوانین ڕاستیو هەڵە جیابکەینەوە؟ ئایا جۆرەکانی مەعریفە جیاوازن؟ ئایا هەریەك لەو زانیارییانە بەڵگەو تایبەتمەندی خۆیانیان هەیە؟

بۆ ئەو مەبەستە لەکۆمەڵێك بوارەوە توێژینەوە دەکرێ لەسەر بیرۆکەی مەعریفی:-

١. مصدر المعرفة (سەرچاوەی مەعریفە).
٢. طبیعة المعرفة (سروشتی مەعریفە).
٣. حدود المعرفة (سنوری مەعریفە).
٤. قیمة المعرفة (نرخی مەعریفە).
٤. ئاکار (الأخلاق)

ئەوە پەیوەندی هەیە بەژیانی مرۆڤو کەسایەتیو بەهای مرۆڤەوە، بەتوێژینەوەکردنی سروشتی هەڵەو ڕاستیو جیاکردنەوەی خراپەو چاکە.

ئاکار (أخلاق) ورد دەبێتەوە لەتایبەتمەندییەکانی دادگەریو کۆمەڵگەی دادگەر، هەروەها ئەرکەکانی بەرامبەر بەخودی خۆیو ئەویترو کۆمەڵگەوە. تیۆری ئەخلاقی ژمارەیەك پرسیاری نموونەیی دەوروژێنێ وەکو:- ئایا دروستی کارکرد ڕاست کار بەچ ئاراستەیەکدا دەبات؟ یان هەڵەکارکردن هەڵەکار بەچ ئاراستەیەکدا دەبات؟ خێرو چاکە چییە؟ پێوەری تایبەتی ژیان چییە؟

هەندێ جار ئەو کێشانەی کەلەبواری ئەخلاقی دا سەرهەڵدەدەن، لەبەر ئەوەیە زۆرێك لەئێمە دەرك بە (صعوبات)ەکان ناکەین، وەلەزۆربەی کاتەکانماندا ناتوانین بەئەرکەکانی خۆمان هەڵسین، یاخود ئەوە زۆر ڕۆشن نییە لای ئێمە کەخەڵکی لەبوونو پێکهاتنیاندا جیاوازن لەجۆری کارکردنو پەیڕەوی کارایاندا، وە لەبواری ئەخلاقیشەوە ئەنجامدانی ڕاستو هەڵیان.

٥. فەلسەفەی جوانی (فلسفة الجمال)

ئەو زانستەیە کە توێژینەوە دەکات لەسەر داهێنان، هەروەها ئەو ڕێبازەیە کەهەڵدەستێ بەکاری هونەریو جوانی، وەك ئەو لێکۆڵینەوانەی کەلەسەر فیکرو هەستو هەڵوێستەکانمان بەئەنجامی دەگەیەنێت لەکاتێکدا سەیر دەکەینو گوێ دەگرینو متابەعەی شتەجوانەکان دەکەین، کاری ئەو فەلسەفەیە خۆ دۆزینەوەیە لەشتە جوانەکاندا هەروەك شوێنەواری هونەری، نموونەی وێنە یان سامفۆنیا یان قصیدە یان ئاوابوونی خۆر یاخود جگە لەدیاردەکانی سروشتیش لەوەش زیاتر، فەلسەفەی جوانی ئەو خیرەیەی کەدەستی هێناوە بەکاری دەهێنێ لەکۆمەڵێك کاری جیاوازدا وەکو چالاکی وێنەکێشان بەهەموو جۆرەکانیەوە وە چالاکی نواندنی سینەمایی و شانۆیی.

٦. فەلسەفەی ئایینی (فلسفة دینی)ئەو زانستە بایەخ دەدات بە لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەی سروشتی زانیاری دینی، بەڵەئامێزگرتنی هەموو ئەو بیروباوەڕو جۆری بەڵگەو سەلماندنانەی دەبن بە پاڵهێزێك بۆ زانیارییەکان، هەروەها هەوڵدەدات لێکدانەوەی ئەزموونی ئیمانیو توێژینەوەی سەرچاوەکانو دەرکەوتنەکانو بارودۆخی ئایینی بکات.

٧. فەلسەفەی زانستی (فلسفة العلم)

فەلسەفەی زانستی بەمانای تێگەیشتنو ڕاڤەکردنی دیاردەی زانستی، بەتێگەیشتنو تێڕامان تێیدا. هەروەها لەسەر ڕێکخستنی پرۆگرامیو بوونی تایبەتمەندیو پێوەری مەعریفی.. توێژینەوە دەکاتو هەوڵدەدات ئەو کێشانە چارەسەر بکات کەلەدەرەوەی ئیرادەو حواستی زانا تایبەتمەندەکانەوەن.

گەلێ بواری تریش هەیە فەلسەفە کاری لەسەر بکات هەروەك:- فەلسەفەی یاسایی و فەلسەفەی مێژوو و پەروەردەو هتد..

سەرچاوە: ئینتەرنێت، سایتی:
www.falaseft.com

فەلسەفە

وەرگێڕانی لەعەرەبییەوە،: تارق حسین.

فەلسەفە وشەیەکە عەرەب لەزمانی یۆنانی وەری گرتووە، ئەو ووشەیە لەبنەڕەتەوە یۆنانیەو پێك دێت لەدوو بەش: فیلۆس (Philos) بەمانای (صدق أو محب) هاوڕێ یان خۆشەویست، دووەم بریتی یە لە سۆفیا (Sophia) بەمانی (حکمة) دانایی دێت.. واتا خۆشەویستی دانایی. ئەو جۆرە ووشەی (فەلسەفە) لەرووی واتا داریەوە بریتی بووە لەخۆشەویستی دانایی یان هاندان و بڕەوو پێدانی، بەم شێوازە لەسەردەمێکدا عەرەب تەرجەمەی کردووەو گواستوویەتیەوە بۆ زمانەکەی خۆی.

فیساگورس (٥٧٢ - ٤٩٧ پ.ز) بەیەکێك لە کۆنترین ئەو فەیلەسوفانەی کە قسەی لەسەر (دانایی) کردووە، هەروەها فەلسەفەکانی ناساندووە بەوەی کە کاری توێژەرانە هەڵدەستن بە قوڵبوونەوە بەناو بابەتەکانداو گەران بەدوای حەقیقەتدا، خۆشەویستی دانایی هەڵێکە بۆ گەران بەدوای حەقیقەتدا، هەروەها (حکمة) دانایی بریتییە لەو مەعریفەیەی کە وەستاوە لەسەر وردبوونەوەو قوڵبوونەوە.

بۆ ئەو مەبەستە دیارترین پێناسەی فەلسەفە: بریتی یە لەو زانستەی کە هەڵدەستێ بە توێژینەوە کردن لەسەر ڕاستیەتی بابەتەکان بەگوێرەی توانای ووزەی مرۆیی. شایەتی ئاماژە پێدانە کە ووشەی فەلسەفە بەدرێژایی مێژوو بۆ کۆمەڵێك مانا بەکار هاتووە، لەهەندێ قۆناغدا مانایەکی بەرفراوانی هەبووە بۆ ئەوەی تێکڕای زانستە عەقڵیەکان بگرێتە خۆی، لەهەندێ قۆناغی تردا فەلسەفە مانایەکی ئاڵۆزتری دەبێ بەبەکارهێنانی لەلایەن هەندێ کەسەوە هەروەك لەکەلەپووری ئیسلامی دا تایبەت کراوە بەفەلسەفەی یەکەم، هەروەك توێژینەوە کردن لەسەر بوارە گشتییەکانی بوون (مسائل الکلیه للوجود) بەلام بەبێ بوونی پەیوەندی بەباتی تایبەتەوە.

بوارەکانی فەلسەفە

دەکرێ فەلسەفە بۆهەر بابەتێك بەکار بهێنرێ، چونکە فەلسەفە دەربارەی هەموو شتەکانی گەردوون دەدوێو هەموو ئەوانەشی کەپەیوەندیان هەیە بەمەعریفەوە.

ئەوەش لەپێناو بەرجەستەکردنی مەبەستەکانی لێکۆڵینەوە، فەلسەفە دابەشکراوە بۆ پێنج بەشەوە هەریەك لەو بەشانە توێژینەوە دەکات دەربارەی کۆمەڵێك لایەنی جیاواز. ئەو مەبەستانەشی کە:- فەلسەفە بەدرێژایی سەردەمەکان قسەی خۆی هەبووەو هەر لەگەڵ دەستپێ کرنیدا لەگەشەکرندا بووە تا ئەو قۆناغەی ئێستا.. کۆمەڵێك بواری گرتۆتە خۆو لەگەڵ ئەوەشدا تەواوی زانیارییە مرۆییەکانی (المعارف البشریه) وەك کاری خۆی قبوڵ کردووە، هەروەها پارێزگاری سەربەخۆبوونی بەشێك لەو زانستو زانیاریانە کردووە کە لەسەردەمی (نهض) ڕاپەرینی ئەورووپادا هەبوون، لە دیارترین ئەو بواراەی کە توێژینەوەی فەلسەفیان لەسەر دەکرێ:

- بریتین لە

١. ئەودیو سروشت (میتافیزیکیا) زانستێکە لێکۆڵینەوە لەسەر بونو واقع دەکات بەگوێرەی بنەمای سروشتی بونیان، هەروەك لەچیەتی شتەکانیش دەکۆڵێتەوە. توێژەران زانستی میتافیزیکیا دابەش دەکەن بۆ دوو مەیدان:

-١ علم الوجود (زانستی بوون).
ب- علم الکون (زانستی گەردوون).

زانستی بوون توێژینەوە لەسەر هەبووەکان دەکات بەلام زانستی گەردوون هەڵدەستێ بە لێکۆڵینەوەی سروشتی گەردوون وەکو گشت.

مەبەست لەزانستی گەردوون (علم الکون)ی لقێکە لەو زانستانەی کە لێکۆڵینەوە لەسەر سیستەمی گەردوونیو مێژوو و داهاتووی دەکات.

زانستی میتافیزیکیا لەو لایەنە دەدوێ هەروەك:

ئایا واقع چییە؟ جیاوازی نێوان دیار (ظاهر)و واقع چییە؟

چ ڕێبازێكو تێگەیشتنێکی گشتی هەیە ڕێگە بەخۆی بدات تەئویل بۆ ئەزموونەکانی ئێمەو تێگەیشتنەکانی خۆی بکات؟ ئایا خاوەن ویستێکی ئازادین یان لەبەر ئەوە کار دەکەین چونکە هیچ هەڵبژاردنێك نییە لەبەردەماندا؟

لەڕاستی دا فەلسەفە ژمارەگەلێك (نظریاتٌ في علم وراء الطبیعة) بیرۆکەی سەبارەت بەزانستی میتافیزیکی لەخۆ گرتووە، وەکو:- (مادیەت، مسالیەت، ئالیەت غائیەت).

بیرۆکەکان

-١ مادیەت ئەم بیرۆکەیە بڕوای وایە مادە بەتەنیا حەقیقەتی بوونە، وەبوونی هەستەوەرەکانو بیرکردنەوەکانو جگە لەوانەش هەموو دیاردەیەکی عەقلی بەرجەستە بووەو سەرچاوەی گرتووە لەچالاکی مادییەوە.

ب- میسالیەت ئەم بیرۆکەیە پێیوایە هەموو شتێکی مادی لەفیکرەوە سەرچاوەی گرتووە یان شێوەیەکە لە شێوەکانی فیکر، پێویستیو ناچاری کۆی کردوونەوە ئەگەرنا دیارە عەقلیەکان بەتەنیا بەئەرکەکانی خۆیان هەڵدەستانو حەقیقەتیان بەرجەستە دەکرد.

جـ- ئالیەت ئەم بیرۆکەیە بڕوای وایە هەموو ڕووداوەکان بەرهەمی هێزەکانی ئالیەتێکی ڕووتن، بەبێ ئامانجێکی دیاری کراو، بەڵکو هیچ عەقلانی نییە بڵێن لەپشت خودی گەردوونەوە ئامانجێگی دیاری کراو هەیە.

و- غائیەت ئەم بیرۆکەیە بەپێچەوانە دەڵێت لەبەر ئەوەی گەردوون هەیەو هەموو ئەو شتانەشی کە تێدایە پۆلێن دەکرێن بۆ بوون (وجود)و ڕووداو (حدث) لەپێناو ئامانجێکی دیاریکراو ییەندایە.

-٢ لۆجیك (المنطق)

سەبارەت بە لێکۆڵینەوە کردنی ڕێبازو ڕێگاکانی دادگا عەقلی دەدوێت: مەنگق هەوڵدەدات پشکنین بۆ چۆنیەتی جیاکردنەوەی نێوان دادگایی ڕاستو دادگایی نادروست (ناتەواو)دا بکات..

بەو نمونانە دەوترێت کە لەدادگایی سەلماندندا بەکار هاتوون. بەهۆی بەڵگەکانەوە سەلماندن بەدەست دێتو ناو دەبرێت (مقدمات)، ئەوەی بەهۆی بەڵگەی ترەوە لێیەوە نزیك دەبێتەوە پێی دەڵێن (نتائج) بەرهەم هەروەها (نتائج) دەبێ ببێتە پشتیوانێك بۆ (مقدمات) یاخود هەڵقولێنو هەڵتۆقینەکان لەوێوە دەست پێبکەن.

چەندێك سەلماندن بەهێزبێت ئەوەندەش پشتیوانی کردنی (نتائج) زیاتر دەبێ، بەپێچەوانەوە چەندێکیش سەلماندن لاواز پشتیوانی کردنی (نتائج) لاواز دەبێ.

٣. بیرۆکەی مەعریفی

ئەو بیرۆکەیە ئامانجی دەستنیشانکردنی سروشتی زانیاریو بنەماکەیو بوارەکەیەتی، هەروەك دەبینرێ کۆمەڵێك ڕێگای جیاواز پێکهێنراوە بۆ پشکنینی زانیاریو جەوهەری حەقیقەتو پەیوەندییەکانی نێوان مەعریفەو ئیمان. بیرۆکەی مەعریفی چەند پرسیارێکی نموونەیی دەوروژێنێ هەروەك دەبینین:

- ئەو نیشانەو بەڵگانە چین کە زانیارییەکی (دروست) لە زانیارییەکی نادروست جیادەکاتەوە؟ ڕاستی چییە؟ چۆن بتوانین ڕاستیو هەڵە جیابکەینەوە؟ ئایا جۆرەکانی مەعریفە جیاوازن؟ ئایا هەریەك لەو زانیارییانە بەڵگەو تایبەتمەندی خۆیانیان هەیە؟

بۆ ئەو مەبەستە لەکۆمەڵێك بوارەوە توێژینەوە دەکرێ لەسەر بیرۆکەی مەعریفی:-

١. مصدر المعرفة (سەرچاوەی مەعریفە).
٢. طبیعة المعرفة (سروشتی مەعریفە).
٣. حدود المعرفة (سنوری مەعریفە).
٤. قیمة المعرفة (نرخی مەعریفە).
٤. ئاکار (الأخلاق)

ئەوە پەیوەندی هەیە بەژیانی مرۆڤو کەسایەتیو بەهای مرۆڤەوە، بەتوێژینەوەکردنی سروشتی هەڵەو ڕاستیو جیاکردنەوەی خراپەو چاکە.

ئاکار (أخلاق) ورد دەبێتەوە لەتایبەتمەندییەکانی دادگەریو کۆمەڵگەی دادگەر، هەروەها ئەرکەکانی بەرامبەر بەخودی خۆیو ئەویترو کۆمەڵگەوە. تیۆری ئەخلاقی ژمارەیەك پرسیاری نموونەیی دەوروژێنێ وەکو:- ئایا دروستی کارکرد ڕاست کار بەچ ئاراستەیەکدا دەبات؟ یان هەڵەکارکردن هەڵەکار بەچ ئاراستەیەکدا دەبات؟ خێرو چاکە چییە؟ پێوەری تایبەتی ژیان چییە؟

هەندێ جار ئەو کێشانەی کەلەبواری ئەخلاقی دا سەرهەڵدەدەن، لەبەر ئەوەیە زۆرێك لەئێمە دەرك بە (صعوبات)ەکان ناکەین، وەلەزۆربەی کاتەکانماندا ناتوانین بەئەرکەکانی خۆمان هەڵسین، یاخود ئەوە زۆر ڕۆشن نییە لای ئێمە کەخەڵکی لەبوونو پێکهاتنیاندا جیاوازن لەجۆری کارکردنو پەیڕەوی کارایاندا، وە لەبواری ئەخلاقیشەوە ئەنجامدانی ڕاستو هەڵیان.

٥. فەل